

# سپیکەرێک تایبەت بە بەرهەمە تەکنەلۆژییەکانی ئەپڵ

سـپیکەر واتە بڵندگۆ هەرچەنـده ڕەنگە وا بیربکرێتەوە کە گرنگییەکی ئەوتـۆی لەجیهانی تەکنۆلۆژیای سـەردەمدا نییە، بەڵام لەراسـتیدا وانییە و ئێستا سـپیکەر لەڕیزی ئەو ئامێرانە دێن کە گرنگی زۆریان پێدەدرێت، هەر بۆیە کۆمپانیاکان لەبەرهەمهێنانی سپیکەردا لەڕکابەری لەگەڵ یەکدان، کۆمپانیـای ODOC بەم دواییە سـپیکەرێکی پۆرتێبڵی تایبەت بەمۆبایلە هۆشـمەندەکان بەرهەمهێناوە کە بەسـپیکەری جۆری Kickstarter ناسراوە، بەهۆی دیزاینە جۆراوجۆرەکان سەرنجی زۆر لەبەکارهێنەرانی ڕاکێشاوە. سپیکەرەکە لەگەڵ گشت بەرهەمە دیجیتالییەکانی کۆمپانیای ئەپڵ دەگونجێت، ئەوەندەش بچووکە کە بەئاسانی لەپەنجەیەکدا جێگای دەبێتەوە. بەکارهێنـەر دەتوانێـت لەگەڵ ئەوەیدا گوێ لەگۆرانی و مۆسـیقا بگرێت هەر لەوکاتەش لەرێگای ئامێرەکەوە سپیکەرەکە شەحن بکاتەوە.



# ماوسێکی تایبەت بە گەمەی ئۆنلاین

کۆمپانیـای razer کە زیاتر ئامێری تایبەت بەگەمەی ئەلکترۆنی بەرهەم دێنێت، لەم دواییەدا نوێترین بەرهەمەکانی خۆی لەبواری گەمەی ئەلکترۆنیدا خسـتە بازاڕ، ئەویش ماوسێکی تایبەت بوو کە بەماوسی جۆری Naga Hex ناسراوە، ماوسەکە لەلای چەپی خۆی شەش دوگمەی تایبەتی هەیە کە بۆ یاری شـەڕ و ئەکشـنی ئۆنلاین کە لەسـەر ئەنتەرنێت هەن بەرهەم هاتووە. دوگمەکان توانای سـوودوەرگرتن زیاتر لە250 کلیك لەهەر خولەکێکیاندا هەیە. ماوسـەکە بۆ بەکارهێنەرانی ڕاسـت دەست و چەپ دەست دەگونجێت. ئەو گلۆپە LEDیانەی لەماوسەکەدا داندراون ئەو هەلە بۆ بەکارهێنەر دەڕەخسێنن کە لەشەویشدا توانای سوودوەرگرتنیان لەماوسەکە هەبێت.



# ئەیسۆس و کۆمپیوتەرێکی سەرنج راکێش

کۆمپانیای ئەیسـۆس بـەم دواییانـە کۆمپیوتەرێکی نوێی لەزنجیـرەی AIO بەناوی ET2210INTS بەرهەم هێناوە کە توانا و کارایییەکانی بەڕاستی جێگای سەرنجن. یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی کۆمپیوتەرەکە دیزاینە جوان و سەرنجڕاکێشەکەیەتی کە دیمەن و دیکۆرێکی جوان بەماڵ یان شـوێنی کارەکەت دەبەخشێت. لەم کۆمپیوتەرەدا پرۆسیسەری جـۆری corei٣ و هەروەهـا corei٥ی ئەنتەلی تێدا بەکارهاتووە. مەزلبۆردەکەشـی لەڕیزی مەزلبۆردە باشەکانە. کارتـی گرافیکی کۆمپیوتەرەکە لەجۆری GT520Mە. کە یەك گیگابایتی سـتاندەرە. ڕامـی کۆمپیوتەرەکە دوو گیگابایتە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کەلێنی تایبەتی بۆ زیدەکردنی ڕام داندراوە دەتوانرێ ڕامی ٨ گیگابایتیشـی بخرێتە سـەر. لـەم کۆمپیوتەرەدا لەبری DVD دیسـکی جۆری Blu-ray هەیە. سپیکەرەکانی لەخوارەوە بەشی پێشەوەی شاشەکەن. کۆمپیوتـەری ناوبراو بـۆ کاری گرافیکی و گەمەی ئەلکترۆنـی لەڕیزی کۆمپیوتەرە سەرکەوتووەکان دێتەژمار.

# چەند زانیارییەکی نوێ لەبارەی فەیسبووکەوە

بەدوای ئەوەی کە کۆمەڵە گۆڕانکارییەك لەفەیسبووکدا ڕوویدا، چەند دوگمەیەکیش بۆ ئاسانکاری لەفەیسبووکدا هاتە ئارا کە لێرەدا ئاماژەیان پێدەکەین.

ئەگەر بۆ کردنەوەی سایتەکان فایەر فۆکس بەکار دێنیت بەداگرتنی دوگمەکانی Shift+alt و یەکێك لەژمارەکان ئەو ئەرکانەت بۆ ئەنجام دەدرێت، بەڵام بۆ گوگل کرۆم تەنیا دوگمەی Alt و یەکێك لەژمارەکان دابگرە. ئەرکەکانیش ئەمانەن، ئەو دوگمانەی ئاماژەمان پێدان لەگەڵ ژمارەی: (1) home دەکرێتەوە. لەگەڵ ژمارە (2) تایم لاین و پرۆفایل دەکرێتەوە، لەگەڵ ژمارە (3) لیستی هاوڕێیانت دەکرێتەوە. لەگەڵ ژمارە (4) بەشی پەیامەکانت بۆ دەکاتەوە. لەگەڵ ژمارە (5) ئاگادارییەکانت بۆ دەکاتەوە. لەگەڵ ژمارە (6) ڕێکخستن واتە ”Settings“ بۆ دەکرێتەوە. لەگەڵ ژمارە (7) ئەو بەشەی تایبەتە بەگۆڕینی پاسۆرد و ناو و زانیارییەکانی خۆت بۆ دەکرێتەوە. لەگەڵ ژمارە (8) لاپەڕەی ڕەسمی فەیسبووك دەکرێتەوە. لەگەڵ ژمارە (9) شریتی سوود وەرگرتن واتە legal terms دەکرێتەوە، لەگەڵ (0) بەشی ڕێنوێنی دەکرێتەوە. لەگەڵ پیتی (M) پەنجەرەی تایبەت بەناردنی پەیام دەکرێتەوە.







# فلاش میمۆرییەک دەنگی خاوەنەکەی دەناسێت

لەوکاتەوەی کە زانیارییەکانمان بەرەو دیجیتالی دەڕۆن هەرچەندە هەڵگرتن و ئەرشیفکردنیان گەلێك ئاسانە و تەنیا بەدوگمەیەك زانیارییەکانت لەپارچەیەکی زۆر بچووکدا خەزن دەبن، بەڵام هەر لەوکاتەشدا دزین و ونبوونیشیان زۆر ئاسانە. فلاش میمۆری بۆ هەڵگرتن و ڕاگواستنی داتاکان لەڕیزی پێشەوەی ئامرازەکانی هەڵگری داتا دێت، بۆیە کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنی فلاش میمۆری هەوڵدەدەن، فلاش میمۆری بەجۆرێك بەرهەم بێنن کە لەکاتی ونبوون یان دزرانیشیان زانیارییەکانی ناوەوەی نەدزرێن یان لەناو نەچن.. بۆ نموونە ئەم فلاش میمۆرییەی کە وێنەکەی لێرەدا دەبینن کە لەلایەن کۆمپانیای voicelok بەرهەم هاتووە تەنیا بەدەنگی خاوەنەکەی نەبێت ئیزنی هەڵگرتنی داتا و سەیرکردنی داتاکانی ناوەوەی نادات، واتە هەتا دەنگی خاوەنەکەی نەبیستێ هەر قفڵ دەبێت. فلاش میمۆرییەکە 8 گیگابایتە. تەکنۆلۆژیای ناسینی شەپۆلەکانی دەنگی بەکارهێنەرەکەی هەیە. تەنیا تۆنی دەنگی بەکارهێنەرەکەی وەك ڕەمزی کردنەوەی قبوڵ دەکات. فلاش میمۆرییەکەی لەگەڵ هەموو سیستەمەکانی کۆمپیوتەر دەگونجێت. پسپۆڕانی بواری ئایتی لەو بڕوایەدان کە دیاریکردنی دەنگ وەك پاسۆرد بۆ ئامێرەکان سەرکەوتووترین شێوازی دانانی کۆدە.

# خێراترین کارتی گرافیکی لە جیهاندا



دەستەواژەی خێراترین یان باشترین، یان تەنکترین و بەهێزترین هیچ کاتێك تایبەتمەندنین بەکۆمپانیایەك یان ئامێری تایبەت، چونکە ئەو ئامێرە کاتێك لەڕیزی خێراترین دەژمێردرێت هەتا ڕکابەرەکەی ئامێرێکی خێراتر لەوە بەرهەم دێنێت، بەهەرحاڵ کۆمپانیای Nvidia کە کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنی کارتی گرافیکییە، ڕایدەگەینێ کە کۆمپانیاکەی سەرکەوتوو بووە لەبەرهەمهێنانی خێراترین کارتی گرافیکی کۆمپیوتەر، (کارتی گرافیکی، پارچەیەکی کۆمپیوتەرە، کە گشت ئەرکەکانی نیشاندانی فیلم و وێنە و کاری گرافیکی پێوەندی بەوەوە هەیە).

بەبڕوای کۆمپانیای ناوبراو کارتی گرافیکی GeForce GTX 690 خێراترین کارتی گرافیکیە لەجیهاندا. کارتی گرافیکیەکە 3072 یەکەی بچووکی تێدایە و لەماددەی ئەلەمنیۆم پێکهاتووە. دەوروبەری کارتەکە بەماددەی مینیزیۆم داپۆشراوە کە بۆ بەرگریکردن لەئاست سەرما و گەرما گونجاوە. هەرچەندە پانکەیەکی بەهێز لەناوەندی کارتەکە دایە بۆ فێنککردنەوەی لەگەڵ ئەوشەدا دوو کەلێنی بچووکیش بۆ ئاڵوگۆڕی گەرما و سەرما لەو کارتەدا هەیە. کارتەکە لەکاتی کارکردندا زۆر بێدەنگە.




# سایتێک بۆنووسینی بیرەوەرییەکانتان



ئەوانــەی حەز دەکــەن بیرەوەرییەکانی خۆیان ڕۆژانە بنووســنەوە، یان یادداشتێك لەکاری ڕۆژانە و گەشت و گەڕانەکانیان بنووسن، لەدەفتەرچەی یادداشتدا ئەو ئەرکە ئەنجام دەدەن، لەم سەردەمەدا و لەجیهانی ئەنتەرنێتــدا دەکرێــت، بیرەوەرییەکانتــان لەسایتێکدا بنووســن کە ئەرکی سایتەکە ئەوەبێت و بەئاســانی بتوانی یادداشــت وێنــە و فیلمەکانتان تێدا خەزن بکەن، ئەو سایتەش سایتی evernote.

زۆر جــاران بۆتــان هاتوتــە پێش کە لەگەشــت و ســەفەردا بوونــە و حەزت کــردووە یادداشــتەکانت لەشــوێنێکی جێگای متمانەدا بنووســی و هەڵبگری، یادداشــتەکانی وەکو وێنە، دەق، فیلم، یان دەنگێکی تایبەت بەشــوێنی سەفەرەکەت. ئەو سایتەی ئاماژەمان پێدا، دروشمەکەی ئەوەیە "یادداشــتەکانتان ئەو شتانەی کە حەزتان لێیە تۆمار بکەن، ئەو شتانەی کە دەبیینن و دەبیبسن خەزن بکەن پاشان لەهەر شوێنێك بن دەتوانن بیبیننەوە". بۆ نموونە یادداشــتێکت لەڕێگای کۆمپیوتەرەوە لەو سایتەدا نووسیوە، بەڵام تەواو نەبووە، دواتر دەتوانــی بەهۆی مۆبایلی هۆشــمەند یا تەبلێت یادداشتەکە تەواو بکەی. سایتەکە نەك هەر تەنیا یادداشتەکانت بۆ ڕادەگری بگــرە فیلم و وێنە و دەنگەکانیش لەخۆیدا خەزن دەکات.

# چوارچێوەیەکی وێنەی



کاتێك وێنەکان ببنە دیجیتالی بێگومان ئەلبومی دیجیتالی و چوارچێوەی وێنەی دیجیتالیش بوونیان دەبێت، (چوارچێوەی وێنە بەو چوارچێوەیە دەگوترێت کە لەدار یان مادەیەکی دیکە دروســت دەکرێ و وێنەی لەناو دادەنــدرێ). چوارچێوەی دیجیتالی ئێســتا جێگای چوارچێوەی کلاســیکی گرتۆتەوە، چونکە دەکرێت لەیــەك چوارچێــوەدا هــەزاران وێنــە دابنــدرێ و هــەم توانای دیکەشــی

# HP و بەرهەمهێنانی تەبلێتێکی

لە جیهانــی دیجیتالیدا جگە لەخێرایی و بەهێــزی توانــای زۆر، تەنکیــش تایبەتمەندییەکی باشــی ئامێرەکانە، هەتا ئامێرێــك تەنکتر بێت بەمانای باشــتری ئامێرەکە دێت. کۆمپانیای HP لەم دواییەدا تەبلێتێکــی بەرهەمهێناوە کــە ویندۆز8 دەخوێنێتــەوە، زیاتر لەگەڵ کاری بازرگانی و ئیداری دەگونجێــت. تەبلێتەکە بەجۆری slate8 ناســراوە. تەبلێتەکــە زۆر تەنکە، شاشــەی تەبلێتەکە 10.1 ئینجە و لەگەڵ ویندۆزی 8ی کۆمپانیای مایکرۆســۆفت دەگونجێت. باترییەکــەی هەتا 10 کاتژمێر

# کۆتایی فیلمەکان بە حەزی بینەر دەبێت!

کە ســەیری فیلمێك دەکــەی زۆربەی جــاران کۆتایی فیلمەکە یــان ئەنجامی فیلمەکە بەدڵی بینەر نییە، بینەر لەو کاتەدا دەڵێت خۆزگە کۆتایی فیلمەکە بەم شێوەیە نەدەبوو، لەجیهانی دیجیتالیدا ئێســتا ئەو خۆزگەیە بۆتە ڕاستی! پسپۆڕانی بواری بڵاوکردنــەوەی فیلم و گەیاندن ئامێرێکی بڵاوکردنــەوەی فیلمیــان بەرهەمهێنــاوە کــە زەینی بینەر دەخوێنێتــەوە و کۆتایی فیلمەکە بەویستی بینەرەکە دەبێت. ئامێری MyndPlay هێدســێتێکی لەگەڵدایــە کە شەپۆلەکانی مێشکی بینەر تۆمار دەکات و دواتــر شــەپۆلەکان بۆ هەســتەوەرێك بەڕێ دەکات کە بەهۆیەوە هەســتی بینەرەکــە لەئاســت فیلمەکــە دەزانرێــت، کاتێك کە بەهۆی ئەو ئامێرەوە سەیری فیلمێك دەکەی تەواوی کردار و پەرچەکردارەکانی بینــەر لەئاســت چیرۆکی فیلمەکە تۆمــار دەکات و پاش ماوەیەك دیمەنی فیلمەکە بەویستی بینەر دەگۆڕدرێت، بۆ نموونە ئەگەر لەفیلمێکدا پاڵەوانی فیلمەکە دڕندەیەك و پیاوکوژێك بێت وحەز دەکەی لەنــاو بچێت، ئامێرەکە ویســتی تۆ بەدی دێنێ، بەڵام دەبێت بۆ بەرهەمهێنانی فیلمێك چەندین ســیناریۆ داڕێژرابــن، هەرچەندە هەتا ئێســتا تەنیا 3 فیلم هەن کە کۆتاییەکەیان بەویســتی بینەرەکە دەبێت، هیچ دوورنییە لەداهاتوودا فیلم گەلێکی زۆر بەم شێوازە بەرهەم بێن.





# دیجیتالی سادە

هەیە. کۆمپانیایەکی چینی بەناوی Giinii لەم دواییەدا چوارچێوەیەکی وێنەی دیجیتالی بەرهەمهێناوە، چوارچێوەکە جگە لەنیشاندانی وێنە فیلمیش نیشان دەدات. ئامێرەکە فلاش میموری دەخوێنێتەوە هەرچەندە میمۆری ناو خودی چوارچێوەکە 2 گیگابایتە. بەکارهێنەران دەتوانن وێنەکانیان لەرێگای میمۆری کارتەکانی MMC,SD,MS,...تاد و هەروەها لەرێگای فلاش میمۆرییەوە لەسەر ئامێرەکە دابنێن. زۆربەی فۆرماتە باوەکانی وێنە دەخوێنێتەوە لەگەڵ ئەوەیدا دوو فۆرماتی ڤیدیۆیی واتە MPEG4 و AVCیش دەخوێنێتەوە. هەروەها فۆرماتی دەنگی وەك MP3 و WMA و چەندین فۆرماتی دیکە دەخوێنێتەوە.



# زۆر تەنک

دانابەزێت. کێشەکەی تەنیا 680 گرامە. بارستاییەکەی تەنیا 9.2 ملمە. پێنووسی تایبەتی ئە ستیلۆ سی لەگەڵدایە.

# مۆنیتۆرێک بۆ گشت ئامێرەکان

مۆنیتۆر یان شاشە لەتەکنۆلۆژیای دیجیتالی سەردەمدا شوێنی خۆی دیارە، لەم دواییەدا کۆمپانیای تایوانی GeChic نوێترین مۆنیتۆری بەرهەم هێنا کە تواناکانی جێگای سەرنجن. مونیتۆرەکە کە بەجۆری On-Lap 1302 ناسراوە، دیزاینێکی سادە و سووکی هەیە و کێشەکەی تەنیا 665 گرامە. مۆنیتۆرەکە قەبارەکەی 13,3 ئینجە و کەلێنی جۆری USB هەیە کە لەگەڵ گشت ئەو ئامێرانە دەگونجێت کە ئەو کەلێنەیان هەیە. جگە لەوەش دوو کەلێنی جۆری HDMI و VGA ی هەیە، هەربۆیە دەکرێت لەمۆبایلە هۆ شمە ند ە کا ن ، ئامێرەکانی یاری ئەلکترۆنی، کامێرای وێنەگرتن و فیلم هەڵگرتنەوە و تەنانەت تەبلێتەکانیش بخرێت. خاڵێکی جێگای سەرنج کە لەو مۆنیتۆرەدا هەیە ئەوەیە کە بەداگرتنی دوگمەیەك مۆنیتۆرەکە دەبێتە ئاوێنەیەکی تەواو و خانمان دەتوانن ئارایشی لەبەر بکەن و پیاوانیش ریشی لەبەر بتاشن.






خوێنەرێکی بەرێزی گۆڤارەکەمان پرسیارێکی بۆ هاتۆتە پێش و دەپرسێت، زۆر فایل و فۆلدەر لەکۆمپیوتەرەکەمدا هەیە، زۆر لەدۆست و هاورێیانم لەسەر ئەو کۆمپیوتەرە کار دەکەن، حەز ناکەم ئەوان فۆلدەر و فایلەکانم ببینن، ئایا چ پرۆگرامێك باشە بۆ دانانی پاسوۆرد و کۆدی نهێنی لەسەر فۆلدەرەکان؟

خوێنەری بەرێز، مافی خۆتە کە داتا شەخسییەکانت بپارێزی و کۆدیان لەسەر دابنێی، لەبواری دانانی پاسوۆرد لەسەر فایلەکان، گەلێك پرۆگرام هەن، بەڵام بەڕای من باشترین پرۆگرام هەر ئەو پرۆگرامی ناسراوی folder lock ناوی خۆی بەخۆیەوە، واتە پرۆگرامێك تایبەت بەقفڵ کردنی فۆلدەرەکان. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەتوانی فایل و فۆلدەرەکانت کۆدیان لەسەر دابنێی، بیانشاریەوە، کارێك بکەی هیچ کاتێك نەسرڕێنەوە، تەنانەت دوای فۆرمات کردنی کۆمپیوتەریش.. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە نە تەنیا هەر فۆلدەر و فایلەکان کۆدیان لەسەر دادەنرێت بگرە فلاش میمۆری و دیسکەکانیش کۆدیان لەسەردادەنرێت، ئەگەر یەکێك نیازی هەبوو فۆلدەرێك لەو فۆلدەرانەی کە کۆدت لەسەرداناوە لەکۆمپیوتەرەکە کۆپی بکات و بیباتە سەر کۆمپیوتەرێکی دیکەش، دیسان هەر فۆلدەرەکە ناکرێتەوە.. یان فلاش میمۆرییەك کە بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە پاسوۆردت لەسەرداناوە لەهیچ کۆمپیوتەرێکدا بەبێ لێدانی پەسوۆردەکە ناکرێتەوە. لەئینتەرنێتدا ئەو پرۆگرامە هەیە، بەڵام هەوڵبدە نوێترین ڤێرژنی پرۆگرامەکە وەرگری و زیاتریش هەوڵبدە لەسایتێکی ناسراو و باوەرپێکراو وەریبگرە.